بیلال بە شەو بانگ دەدات، بخۆن وبخۆنەوە هەتاوەکو گوێتان لە بانگی ئیبن ئوم مەکتوم دەبێت

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «بیلال بە شەو بانگ دەدات، بخۆن وبخۆنەوە هەتاوەکو گوێتان لە بانگی ئیبن ئوم مەکتوم دەبێت».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دوو بانگبێژی هەبوو: بیلالی کوڕی ڕەباح وعبداللەی کوڕی ئوم مەکتوم -ڕەزای خوایان لێبێت- ؛ عبداللە نابینا بوو، بیلال بانگی دەدا پێش دەرکەوتنی ئاسۆی بەیان*؛ چونکە بانگی بەیانی لە کاتی خەوتندایە بۆیە پێویستی دەکرد دوو بانگی بۆ بدرێت بۆ ئەوەی خەڵکی خۆیانی بۆ ئامادە بکەن وئەوانەی شەونوێژیان نەکردووە هەرچەندێک بتوانن فریای شەونوێژ یان نوێژی وبتر بکەون؛ ئەمەش وا پێویستی کرد بانگێک بدرێت پێش هاتنی کاتی بانگی بەیانی، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هاوەڵانی ئاگادار کردەوە کە بیلال لە شەودا بانگ دەدات، وفەرمانی پێیان دەکرد کە لە خواردن وخواردنەوە بەردەوام بن هەتاوەکو ئاسۆی بەیان دەردەچێت وبانگی بەیانی دەدرێت لە لایەن بانگبێژی دووەم کە عبداللەی کوڕی ئوم مەکتومە -ڕەزای خوای لێبێت- کە لەگەڵ دەرکەوتنی ئاسۆی بەیان بانگ دەدات، وئەگەر کەسێک بیەوێت ئەو ڕۆژە بە ڕۆژوو بێت پێویستە لەگەڵ دەرکەوتنی ئاسۆی بەیان (کاتێک بانگ دەدرێت بۆ نوێژی بەیانی) دەستبەجێ دەست هەڵبگرێت لە خواردن وخواردنەوە، وئەم بانگدانە (بانگی یەکەم) تایبەتە بە نوێژی بەیانی ونابێت بۆ نوێژەکانی تر ئەنجامبدرێت، ڕای جیاواز لە نێوان زانایان هەیە سەبارەت بەوەی ئایا تەنها بانگی یەکەم بەسە یان دەبێت بانگی دووەمیش بدرێت (کە بانگی دووەم کاتی ڕێگەپێدانە بە ئەنجامدانی نوێژی بەیانی)؟ زۆربەی زانایان لەسەر ئەو ڕایەن کە بانگی یەکەم ڕێگەپێدراوە بەڵام بەس نییە (واتا: واجبە دەبێت بانگی دووەم بدرێت، بەڵام ئەگەر بانگی یەکەم نەدرێت ئاساییە).

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3015